www.kurdistannet.org
3-1-2003 2:38

# كه سەرۆكێ لێبوردن دەخوازێ

باوكی سمكۆ

لێره، لەم رۆژهەڵاته و لەم كۆلۆنییەی دەوڵەته دوواكەتووەكان نه فەرمانڕەوایان فێری دان به هەقدانان و دان به هەڵه دانانن، نه بەرهەڵستكارانیان. نه ئەوان قەت سەبارەت به گوناحەكانیان داوای لێبوردن له كەس دەخوازن و نەئەمان! له راستیدا زۆردارەكان دژەكانیان له جۆر و چەشنی خۆیان بەرهەم هێناوه. له بەرانبەریەكدا سەنگەریان لێداوه بەڵام هەر دوولا بەیەك فەرهەنگ و به یەك كەلتور دەژین و شەڕی یەك دەكەن.

فەرمانڕەوایانی ئێره، له لوتكەڕا تا بنكه، نازانن تۆبه چییه. ئەوان تا ئاخر هەناسه حیساب بۆ خەڵك ناكەن و رێگەیەك جگه له سەرەڕۆیی و هەڕەشه و زەبروزەنگ هەڵنابژێرن. میللەت به هیچ نازانن و حیساب بۆ كەس ناكەن.

بەرهەڵستكارانیش به قەوارەی خۆیان هەر بەو تەرزەن. پۆخڵەواتیان نابینن. چاك بكەن هەر چاكیان كردوه؛ خراپ بكەن هەر چاكیان كردوه. لایان رەوایه ئەوەی ئەمڕۆ بەچاكی دەزانن دوێنێ به لادان و خەیانەتیان ژماردبێ. سەیر ئەوەیه هەر كەسەو ئەم خەت گۆڕینه هەر حەڵاڵی خۆی دەزانێ و حەرامی دییەكان. كەسیش نابینی تۆزقاڵه باج و نرخێكی ئەم خەت گۆڕینه بدا.

بۆیه رەسم وایه "شۆڕش" و "ئینقیلاب"ەكان رێژیمی سیاسی ناگۆڕن و تەنیا دەسەڵاتداران و سەر و سیماكان ژێرا و ژوور دەبن.

له كوردستان، نەك هەر مرۆڤەكان دار و بەردی وڵاتەكەش هەركام هەزاران حیكایەتیان له زوڵم و زۆری داگیران له سینگدایه. بەڵام هەگبەشیان له خراپه و خۆخۆری خۆماڵیی بەتاڵ نییه.

براكوژی و شەڕی نێوخۆ ئەو دیاردە نگریسەیه كه به قەت مێژوومان مێژوی هەیه. لەو كارەساتەدا چ خوێنێ رژاوه و چ مێشكێ پژاوه ! سەرەنجام چ بێ ئەنجام و دەسبەتاڵ له كاروانی پێشەوەچوون بەجێ ماوین.

ئەو كارەساته هەر به بەژنی یەكێك و دوولا نەبڕاوه. هەر ئەم و هەر ئەو نەبوون دەسیان له ناقی یەكناوه. كام پارچەی ئەم نیشتمانه دەس له ملانی ئەم ئازاره بەسۆ و تاڵەنەبووه. كام "تاقه سواری شۆڕشگێڕ" لووتی "خائینی"ی له عەرز نەداوه و كام "خائین"، "سواری شۆڕشگێڕی" نەگلاوه، كام میر، كام حیزب، كام. . . ؟

ئەم قەڵەمه لەو رۆژەوه خۆی ناسیوه، پەیمانی داوه، رەش و سپی نەخاته یەك لاوه. به رەش بڵێ رەش و به سپیش، سپی. خۆ ئەگەر بۆی نەلوا، بێدەنگی رەچاوكا.

ناكرێ له حاند داهێنەران و له ئاست نەریت شكینان، دووره پەرێز بین. سەرۆكێك نەریتێكی چەقبەستوی شكاند. ئەو هەم فەرمانڕەوایه و هەم بەرهەڵستكار. فەرمانڕەوایه لەبەر ئەوەی فەرمانی هەرێمێكی بەدەسته. بەرهەڵستكاره چون هێشتا كێشەكەی نەبڕاوەتەوه. ئەو سەبارەت به بەشداریی حیزبەكەی له قۆناغێك لەو كارەساتەدا لێبوردن دەخوازێ و ملی بۆ چەقۆی میللەت راگرتووه.

لێبوردن خوازی گزاره له گەورەیی رۆحی ئینسان دەكا و لای مرۆڤی مەزن دەربەست بوونه و نرخی هەڵەو پەڵه و كارلەدەس قەومانه. تەحەممولی ئەخلاقیی بەرپرسایەتییه و حازر بوون بۆ دانەوەی مافی بەشخوراوه. له عەینی كاتا هێمایەكی راستگۆیی و دادپەروەری و دڵ و دەرون پاكییه.

لەم بەینەدا، بێدەنگی و خەمساردی قەڵەم و میدیای كوردی سەیره. گەر درۆزنێ هەڵدەستێ و یاریی به چەن وشەی جوانی بێدەسەڵات وەك "وتووێژی شارستانەتییەكان"، "كۆمەڵگەی مەدەنی" و چی و چی دەكا، میدیای

www.kurdistannet.org
3-1-2003 2:38
کوردی ئەسپی پەسنی لیّ زین دەکا. کەچی لەحاست داهێنانی خۆماڵی وەك تێپەڕین بەلای خوێنە رژاوەکاندا سادە رادەبرێ. دەبوو ئەو تروسکەیە بکەنە بروسکە و لەسەر بزوتنەوەی سیاسی کورد بیکەنە ماڵ.

کە ئەو بەو سەنگە کەسێتی و سیاسیەوە، لێبوردنی خواست و ملی بۆ چەقۆی میللەت راگرت، دەبێ هەموو ئەوانەی بە فەرمانیان رۆژی لە رۆژان دڵۆپێك خوێنی برای کوردیان لەسەر دەسەڵاتی میر و خێڵ و حیزب رژاوە، بەدەنگی بەرز روخسەت بخوازن وبەپێی خۆیان ملی رێی ماڵەوە بگرن.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org